# ئیسلامو ژن

## مەلا بەشیر لە چی توورەیە؟!

**جمال محسن**

jamal_muhsin@yahoo.com

بڵاوبوونەوەی گفتوگۆکەی ساکار ئەحمەد لە بڵاوکراوەی جەماوەر لە ڕۆژی 2005/06/20 لە تەوەرەی (ئاینو ژن) دا پێ ئەچێ مەلا بەشیرو یەکێتی زانایانی ئیسلامی تەنگەتاو کردبێ. ئەوان کەوتوونەتە قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیەو تەنانەت بۆتە جێی باسی ووتاری هەینییەکانیان. بە پێی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕۆژی 2005/07/11 مەلا بەشیر بێجگە لە وەڵامدانەوەی ووتەکانی ساکار ئەحمەد بەوەی کە ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامە، داوای ئەوە ئەکات کە بڵاوکراوەی جەماوەر بدرێ بە دادگا لەبەرئەوەی کە سوکایەتی بە شتە پیرۆزەکان کردووە. سەرەتا من ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە مەلا بەشیر ڕاست ئەکات، قسەکانی ساکار دژی بنەماکانی ئیسلامن. ئەگەر ساکار وەك هەڵسوڕاێکی کۆمۆنیستو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لەپاڵ کارەکانی تریدا، یەکێك لە کارەکانی بە دژایەتی کردنی بنەما دژی ژنییەکانی ئیسلام دانەنێ یانی هیچی نەکردووە. گەر کەسێك خەبات بۆ ڕزگاریو یەکسانی ژنان بکات، ناتوانێ دژی ئیسلامو مەلا بەشیرو بۆچوونەکانی نەبێ. وە گەر مەلا بەشیریش نەیەتە وەڵامو تەنگەتاو نەبێ مانای وایە ئیسلامەکەی هێندەی "تۆڕی لۆکز" بەهێزە! من وێڕای قسەی خۆم لەبارەی ئەم هەڵوێستەی مەلا بەشیرو زانایانی ئیسلامی کە گوایە بە نیازن بەم زووانە کۆبوونەوەی خۆیان بکەنو قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن، سەرەتا پێم خۆشە چەند سەرنجێکی کورت لەسەر مەسەلەی ژنانو ئیسلام بدەم.

ڕاستە ژێردەستەییو ستەمکێشی ژنان میراتێکی کۆنی مێژووە، بەڵام سەرمایەداری ئەمڕۆ کردوویەتی بە یەکێك لە بنەماکانی پەیوەندییە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەی تیایدا ئەژین. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ کە دەستیان بەسەر کارگەو بەرهەمهێنانو موڵكو موقەدەراتی کۆمەڵگادا گرتووە، پێویستیان بە زەلیلهێشتنەوەی ژنانو ژێردەستەمانەوەی ئەوانە تا بە وێنەی ئینسانی جیاو کەم ڕایانبگرنو بەمجۆرەش قڵشتی چینایەتی گەورەو گەورەتر بهێڵنەوە. دەسەڵاتدارانی کوردیش وەك بۆرژوازیو چینی حاکم، لەسەر ئەو میراتییەی کە لە مێژووی ئەم وڵاتەداو بە دیاریکراویش لەسەر بنەماکانی ئیسلام بەڕێوەچووەو برەوی بە جێگەو ڕێگەی جیاوازو نایەکسانی ژنو پیاو داوە، خۆیان بنیات ناوە. ئەوان ئێستا پارێزەری نایەکسانیو بێمافی ژنانو بۆ ئەوەش هەمیشە ژەنگاوی دینیان بە دەستیانەوە گرتووە. ئەوان دەسەڵاتەکەی خۆیان بە مێزەری مەلاکانو مینبەری مزگەوتەکانەوە گرێ داوە تا بەمجۆرە بتوانن خەڵکێکی گێژکراو ئامادە بکەنو دەرهێنانی دەسەڵات لە دەستیان ئاسان نەبێ! هەربۆیە پەیڕەویش لە یاساو شەریعەتی ئیسلامی ئەکەن. با سەرنجێکی زۆر کورت لە جێگەو ڕێگەی ژن لە ئیسلامدا بدەین.

لە ئیسلامدا ژن وەکو موڵکی پیاوو وەك زەویوزارو ئاژەڵەکانی چاوی لێ ئەکرێ. ژن بە گوێرەی تێڕوانینی ئیسلام کەمترە لە پیاوو تەنانەت لە زۆربەی شوێنەکاندا وەك ئینسانیش تەماشا ناکرێت. با تەنها بڕوانینە ئایەتی 223ی سورەتی البقرة کە ئەڵێ: "نساؤكم حرث لكم فاتوا حرثكم انى شئتم." واتە: "ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن، بە چ شێوەیەك پێتان خۆشە بچنە سەر کێڵگەکانتانو بە کاری بهێنن". وە لە ئایەتی 14 لە سورەتی آل عمران دا هاتووە: "زين للناس حب الشهوات من النساء و البنين و القناطير المنقطرة من الذهب و الفظة و الخيل المسومة و الانعام و الحرث ذلك متاع الحياة الدنيا...." واتە: "ئارەزووی ژنو منداڵو زێڕو زیوی زۆرو ئەسپی ڕاهێنراوو مەڕو ماڵاتو کێڵگە، کە ئەمانە خۆشی ژیانی دنیان، بۆ پیاو جوان ڕازێنراونەتەوە...." یان لێدانو سوك تەماشا کردنی ژنان وەك لە ئایەتی 34 ی سورەتی النساء دا هاتووە: "الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض...... و التي تخافون نشوزهن فعظوهن و اهجروهن في المضاجع و اضربوهن فان اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا." واتە:"هەروەك چۆن خوا فەزلی هەندێکی داوە بەسەر هەندێکدا، ئاوهاش پیاوان لەسەروو ژنانەوەن....... ئەوانەشیان کە لە قسەی ئێوە دەرئەچن، ئامۆژگارییان بکەنو لەگەڵیان مەخەونو لێیان بدەن. خۆ ئەگەر مل کەچتان بوون بەهانەیان پێ مەگرنو بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ مەکەن. بەم لێکدانەوەیە ژن لە پێناوی پیاودا دروست بووەو نابێ لە قسەو فەرمانیشی دەرچێت! ئەمە نرخ دانانە یان سوکایەتییە بە ژنان؟!

جێگەو ڕێگەی پلە نزمی ژنان لای ئیسلام لە زەواجیشدا ڕەنگی داوەتەوەو پیاو ئەبێ کرێو پارەی ئەوە بدات کە لەگەڵ ژنەکەدایە. هەروەك چۆن کە کەسێك بچێتە ئوتێلێك یان شەوێك لەگەڵ کەسێك بێ ئەبێ کرێکەی بداتێ، هەر بەو جۆرەش تەماشای ژن کراوە لە زەواجدا لای ئیسلام. وەك لە ئایەتی 5 لە سورەتی المائدةدا هەیە: "...اذا اتيتموهن اجورهن محصنين غير مسافحين...." ووشەی اجور کە من هێڵم بە ژێردا هێناوە یانی کرێکانیان بدەنێ، وە یان ئایەتی 24 و 25 لە سورەتی النساء کە هاتووە:"...فما استمتعتم به منهن فاتوهن اجورهن فريضةً..." "...فانكحوهن باذن اهلهن واتوهن اجورهن بالمعروف....". لە هەموو ئەم نموونانەدا ڕۆشنە کە ژن چ جێگەو ڕێگەیەکی هەیەو هیچ

ئازادیو نرخێك بۆ وویستی ئافرەت خۆی دانەنراوەو گوایە گەر بەپرسی کەسو کاری بدرێ بە شوو وە کرێی بدرێت ئیتر تەواوەو وەك ئەوەی هیچ سوکایەتییەك لە ئارادا نەبێ! گەر کەسێك بڕوات لەسەر جادە، یان لە یانە یان لەهەر شوێنێك لەگەڵ ئافرەتێك بێتو کرێی خۆی بداتێ، وە یان ماوەیەك بمێنێتەوە لەگەڵی، جا ئەگەر ئەو پێکەوە بوونە چەند سالێك بخایەنێ یان چەند سەعاتێك چی ناو لێئەنرێ؟! ئایا ئەمەی لە ئیسلامدا هەیە لەشفرۆشییەکی بێپەردە نییە؟! ئایا ئەوەی لە سعودیەو لە ناوەڕاستی عێراقو لە ئێرانو تەنانەت لە هەندێ ناوچەی مصرو بەشێکی تر لەوولاتە عەرەبییەکان لەژێر ناوی جیاجیای زەواجی موتعە یان سیغەدا هەیە، هەر هەمان بازرگانی کردن نییە بە ژنانو لەشیانەوە (واتە پرۆتیستیوشن) کە لە وولاتانی سەراسەری دنیادا هەیە؟! ئەو لەشفرۆشییە لە ئیسلامەوە هاتبێ یان نا، لە هەر مەزهەبێکەوە هاتبێ یان نا، پێداویستییەکی گەورەی سیستمی سەرمایەداری ئەمڕۆیە، ملیۆنەها لە ژنانی یەخسیر کردووە.

تەوەرەیەکی زۆر گرنگ کە لە قسەکانی ساکاریشدا ئاماژەی پێ کراوە، مەسەلەی چەند ژنەیە. بەو پێیەی ژن لە ئیسلامدا هەر ئەوەندە نرخی هەیە کە بۆ خۆشی پیاو دروست کراوەو ئەبێ وەك ماڵو موڵك ڕیزیان بکات، چەند ژنەش نەك قەدەغە نییە بگرە وەك کارێکی شەرعیو یاساییو مافێکی سروشتی پیاو تەماشای ئەکرێت. هەروەك لە ئایەتی 3 ی سورەتی النساء دا هاتووە: "...فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع فان خفتم الا تعدلوا فواحدة او ما ملكت أيمانكم..." واتە: "ئەو ژنانەی بە دڵی خۆتانن، دوو دوو، سێ سێو چوار چوار بیانهێنن، گەر ترساشن لەوەی دادوەر نەبن لەگەڵیان، ئەوا ژنێك بهێنن، یان کەنیزە پەیدا بکەن..." یانی چەند ژنە ڕەسمییەو ئەتوانن ڕیزیان بکەن. لەو شوێنەشدا کە ووتراوە دادوەر بن، تەنها فرتو فێڵو هەڵخەڵەتاندنە چونکە لە ئایەتەکانی تردا ئەمە هەڵوەشێنراوەتەوە. دیقەتی ئایەتی 129 ی هەمان سورەت بدەن کە ئەڵێ: "ولن تستطيعوا ان تعدلوا بين النساء ولو حرصتم فلا تميلوا كل الميل فتذروها كالمعلقة..." واتە: "ناتوانن دادوەر بن لە نێوانیاندا، بەڵام کارێکی وا مەکەن کە بە تەواوەتی وازیان لێبهێنن، بەڵکو بە هەڵواسراوی بیانهێڵنەوە بە خۆتانەوە." یانی نە لێیان جیا ببنەوە بە تەواوەتی وە نە بشچن بە لایاندا! تەماشای ئەم سوکایەتیو یاری کردنە بکەن بە ژنانەوە! ئەوە پیاوە بڕیار ئەدات کە چی بکات لەگەڵ ژنەکانی! ئەوە خۆیەتی کە ئەزانێ عادلە یان نا؟! چ عەدالەتێکیش؟! عەدالەت لەوەی جلو بەرگو ماڵو خۆراکوپێڵاو... ی بۆ دابین بکاتو جار جارەش ئاوڕێکی بە ڕەحمەتی لێبداتەوەو لای ژنە کۆنەکەیەوە بچێ بۆ لای ژنە تازەکەی یان لەمیانەوە بۆ کۆنترەکەی!! ئەمە ئیتر یاسایەك نییە بۆ ئینسان بەکەڵك بێت. لەوەش واوەتر وەك ئەوەی کەنیزە ئینسان نەبێ، مادەم دیلی دوای جەنگی سەرکەوتووی موسوڵمانەکانە ئەتوانرێ ڕیزیان لێببەسترێ. ئەمە لێکدانەوەی قورئانەکەی محەمەدە. ئایا ئەمە ئیتر بەڵگەی زیاتری ئەوێ کە ڕەواجدانە بە لەشفرۆشی؟!

ئایا قسە کردن لەسەر ئەمەو ڕەخنەی توند لەمە بە مانای پێشێلکردنی موقەدەساتی خەڵکە؟ بۆچی ئەوە ڕێپێدراوە مەلا بەشیرەکان بەرەو بەو بێمافیو لەشفرۆشییەی ژنان بدەن وە بەمجۆرە گەورەترین حسی ئینسانی ژنان بخەنە ژێر پێوە، بەڵام ئەوە ڕێ پێدراو نییە کە بڵێ ئەو یاساو شەریعەتانە موقەدەس نینو دژی ژنن؟ وە نابێ بە شتی پیرۆز دەرخواردی خەڵك بدرێ؟ مەلا بەشیریش هەر بۆیە تووڕەو پەستە لەو قسانە چونکە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئیسلامو بیروباوەڕەکەی ئەو نیشان ئەدات.

بەڵام کێشەکە هەر ئەمە نییە. کرۆکی کێشەکە لەوەدایە کە مەلا بەشیر ئەیەوێ هەر دەنگێك کە بییەوێ ئازادانە ڕەخنە لە ئیسلامو قورئانو محمد بگرێ قەدەغەی بکاتو بیروڕا پوچەکەی خۆشی بە موقەدەس بە خەڵك بفرۆشێ. وە بەمجۆرە بتوانێت بانگەشە بۆ کوشتو کوشتاری کەسانێك بکات کە ڕەخنە لە ئیسلام ئەگرن. ئەمە ئیتر ڕێپێدراو نییە. هەر مەلا بەشیر بوو لە ساڵی 1998 دا کاتێ کە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان ڕوولە پێش بوو وە دەورو نەخشی ئەنواند لە کۆمەڵگادا، فەتوای ژنانی یەکسانیخوازو کۆمۆنیستەکانی داو لە ئاکامدا تیرۆریستانی ئیسلامی هاوڕێیانی ئازیز شاپورو قابیلیان تیرۆر کرد. ئەو ئەبێ ئەوە باش بزانێ جارێ ئێمە کۆمۆنیستەکانو خەڵکی ئازادیخواز لەسەر فەتواکانی ئەو کاتانەی لە مزگەوتەکانەوەو هاندانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە لێی خۆش نەبووین. ئەو جارێ خۆی "مطلوب" ە. بەوەی کە خۆی تووڕە لەو قسانە نیشان ئەدات ناتوانێ خۆی لەو دادگاییە بدزێتەوەو خۆی بشارێتەوە. وە ناشتوانێ دەستی خەڵکێك کە چاویان کراوەتەوەو نایانەوێ شەریعەتو یاساکانی خوا پیادە بکەن، بگرێ لەوەی کە خەڵکی تریش وەك خۆمان لێبکەین. بەڵێ ئێمە هەروەك چۆن بەخەڵك ئەڵێین تلیاكو حەشیشو مۆرفین مەخۆن، ئاوهاش پێیان ئەڵێین بە دینو خواو یاساو شەریعەتەکانی فریو مەخۆنو مەهێڵن گێژ بکرێن.

******

**تێبینی: بۆ وەرگێڕانی هەندێ لەو ئایەتانە سوودم لە کتێبی، جەهالەتی ئیسلامو دنیای هاوچەرخ لە نووسینی ئارام ڕەشید چاپی یەکەم، نیسانی ساڵی 2002 وەرگرتووە.**